# منداڵەکانی ئێوەش با لە قوتابخانەی منداڵەکانی ئێمە بخوێنن

عەلی مەحمود محەمەد

-ئەرێ گەلۆ لەوە کارەساتتر هەیە، هەر رۆژەی وەك مونجەزاتی سەورە ئامارێکمان دەدەنێ لەسەر ژمارەی ئەو قوتابخانانەی لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوو لەم کوردستانە ئاواکراوە، کەچی لەملاوە (زۆربەی) منداڵی بەرپرسانی ئەم حکومەتە بە وەزیرو گزیرەوە، پارلەمانتارو مودیر عامەکانەوە، خەبیری خوێنەوارو نەخوێنەوارەوە، حیزبیو سەرکردەوە، لەو قوتابخانە حکومییانە ناخوێنن، لە جیاتی خوێندن بە زمانی دایك منداڵانیان بە تورکیو ئینگلیزی لە قوتابخانەی زۆر زۆر تایبەتی دەخوێنن. ئەرێ لەمە سوکایەتی زیاتر هەیە بە زمانی دایكو سیستەمی خوێندنی گشتی، راستە دەڵێن سەرمایەداران زمانیان گیرفانیانە، وڵاتیان کارگاو پرۆژەو کارخانەکانیانە، نیشتمانیەتیان قازانجیانە.

=لە نیوەڕۆیەکی گەرمای مانگی یۆنی شاری هەولێری ئەمساڵدا، بە دوای کۆنە موبەریدەیەکدا دەگەڕام تا بیکڕم بۆ ئەوەی خۆمانی لەبەردەم فێنك بکەینەوە، لە ناکاودا پیاوێك روو لە عارەبانەیەك هاواری دەکرد : ئێستا رایگرە هەفتەیەك دیکە با کۆبونەوە ٥ قۆڵییەکە بکرێتو بمانفرۆشن ئیتر عارەبانەش ناتوانیت رابگریت قەلەندەر خۆت، ئەوجا چاومان دەرەکەن، کە شەڕەکەن پەلاماری جەماوەرە دەدرێت، کە رێکیش دەکەون هێرش بۆ سەر ژیانمان دەست پێدەکرێت، لەم کوردستانە سیاسەت بووە بە دوژمنی ژیان لە ئاشتیو شەڕدا
.

-بەڕێز ئەبوبەکر عەلی کۆنە وەزیرو سیاسەتمەداری یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان، لە سمیناری نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنی حیزبی ناو پارلەمان لە میوانخانەی چوارچرا لە شاری هەولێر، بە پێچەوانەی پارتەکەی کە هەمیشە لە بەرامبەر دەنگی گڕی دەسەڵاتداران فرە نەرمی نواندووە، کەچی بەڕێزی لە کۆڕو سمینارو چاوپێکەوتنەکان دەڵێی هەواڵی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانمان لە سەردەمی شۆڕشدا بۆ دەخوێنێتەوەو کلاوقاسمی لە پارتیو یەکێتی گرتووەو هەولێری لە دەست هۆلاکۆ رزگار کردووە، لە٢٥ی شوبات پێش جەماوەری پیرە هەولێر کەوتووە، ئاگای لەوە نییە ئەو کۆسرەت رەسوڵەی هەولێری بە چەند کاتژمێرێك لە بەعس رزگار کرد وا ناهێڵن هەر بێتە شارەوە، ئەگەر بەڕێزیشت قچۆکەیەك مەترسیت لەسەر پەزەکان هەبوایا لە دێگەڵە بە بێ دەنگی دەنێردرایتەوە، بێ ئەوەی هەست بە ئیحراجی بکات لە وەڵامی پرسیارێکدا وتی: ئێمە ٣ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن پەشیمان نین لەوەی یەکەم رۆژی خۆپیشاندانەکان واتا ١٧ی شوبات پەلاماری بارەگاکانی پارتیمان لە سلێمانی شەرمەزار کردو بە ئاژاوەمان دایە قەڵەم. کاکم ئاگای لەوە نییە ئەگەر ئەو خۆپیشاندانەی ١٧ی شوبات نەبوایە قەت ئەو جورئەتەی ناکرد لە بەر دەرکی سەرا بنەڕێنێتو خاڵ لەسەر یەکێتیو پارتی بژمێرێتو دەنگیش لەم سمینارانە هەڵبڕێت، راستە وتویانە تێر ئاگای لە برسی نییە، ئێمەش موچەمان هێندە ببوایا رۆژانە قازێکمان سەر بڕیایە وەکو بەڕێزی هەر دەمان قیژاندو دەمان کوشت نامانشاردەوە.

-کاتێك گفتوگۆکانی ناو پارلەمانم بەو حەماسەتەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەبینی وام هەستە کرد لە کۆتاییدا پەرلەمانتاران واز لە نیوەی موچەکەیان دەهێنن. ئەو براو برازاو پورزایانەشی کراون بە شۆفێرو حیمایەی شەخسی هەموو دەنێرنەوە ماڵ، لە بری ئەوان پۆلێك گەنجی نەناس بە بێ زانینی ئینتمای سیاسی لە برییان دادەمەزرێنن، راستە خەباتی تەلەفزیۆنی لە هەموو خەباتێك حەماسیانەترو خۆشترە، سەر شاشەش لە هەموو گەرم گوڕترە، کەچی بینیم تەنها ٢٢ کەس لەو حەمکە پارلەمانتارە شۆڕشگێڕە لەگەڵ دابەزینی موچەکەی گیرفانی خۆیدایە، راستیان وتوە ئەوانەی پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە دەکەن زۆر سەخی تەبیعەتن.

-برادەرانی ئیسلامی دەڵێن حیزب نابێت تەداخولی حکومەت بکات، وا دەزانم ئەوڕۆیە لە ساڵی ١٩٩٢ برادەرانی ئیغاسەی ئیسلامی چەند گۆێلکێکیان لە دارەتوو بۆ جەژنانە سەربڕی، ئەوەی ئیسلامی نەبوایا گۆشتی جەژنانەی نابینی، کەچی ئێستا رەخنە لە پدكو ینك دەگرن کە حکومەتیان بە حیزبیی کردووە، برا ئێوە گوێلکێکی خیرو سەدەقەی خەلیجتان بە دەستبوو واتان کرد، بەخوای حکومەتتان بە دەستبێت چایچییەکیش بێ ئینتما دانامەزرێنن وەك لە وزارەتەکانتان کردتان.!

-لە یادی مەرگی ئیمام خومەینیدا جەنابی وتی: پاشان کامیل حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوتەیەکیدا وتی: "بەرپاکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ وەرچەرخانێکی مێژووی بوو لەکاتو ساتی خۆیدا کە بووە هۆی وەدەستهێنانی ئازادی لە ئێران، کە توانی کۆتایی بەحوکمی چەند ساڵەی ڕژێمی شا بێنێت." وتیشی: "ئەو ئازادییەی ئەو کات بەدەستهات، هەموو خەڵکی ئێران بەشداربوون لەو ئازادییە بۆیە ئێستا هەموویان بە ئازادی ژیانی خۆیان بەڕێدەخەن". دیارە جەنابی ئاگای لەو ملانە نییە رۆژانە بە دارا دەکرێن، ئازادی بە زەبری پەتی سێدارە، کۆماری ئیسلامی وەزیری وای لە حکومەتی کوردستاندا هەبێت ئەمڕۆ یان سبەی سەتەلایتێکیش بۆ ئەو دادەنێ.!!

لەهەولێرەوە گۆشەیەکە عەلی مەحمود دوو هەفتە جارێک دەینوسێت

http://www.awene.com/Goshekan.aspx?Jimare=17